# هۆشەنگانە

هۆشەنگ شێخ محەمەد
هەولێر 2007/10/29



چاوەڕێ کردن

ئیشی ئەوانەیە کە ناتوانن سەفەر بکەن

من چاوەڕێت ناکەم و خۆم دێمە ناو روبارەکانتەوە

من هەر لێرەوە تا دواهەمین سەفەر کە نایێ

تا دواهەمین ماچ کە ناکرێت

تا دواهەمین شعر کە نانووسرێت

تا دواهەمین دوایی کە دوایی نایەت

خۆشم ئەوێیت..



من هۆشەنگانە جادەکان ئەخەمە بەر پیاسەکانمەوە

هەر بە رۆحی خۆمەوە باخچەکان بۆ رۆیشتن و سەرخۆشییەکانم خۆش ئەکەم

جیاوازیمان ئەوەیە تۆ لە باخچەکاندا لە گوڵ ئەگەڕێیت من لە گوڵدا لە باخچە

تۆ لە روحتدا برینەکان ئەدۆزییەوە من لە برینەکان روح

تۆ لە سەفەردا خۆت و من خۆم لە سەفەردا

من باوەڕ ئەکەم رۆژێ ببمە کانی


ببمە سنۆبەر، بەروو و پەلکی نازنازێک

رەنگە ببمە قەدی هیرۆیەک ، باڵای کاژێک و باڵی نەرمی پەپوولەیەک

خۆ رەنگیشە دوای مردنم ببمە مێشێک

عاشقانە بە رووی تۆدا بێم و بچم و سەرمەستانە روومەتەکانت ماچ بکەم

دوای مردنم من چیرۆکی پیاسە و گەڕانەکانم رەنگە بە وێنەی



دڵۆپە ئاوێک یان مێشەنگکێکی عاشقانە بەردەوام کەم

رەنگە لەویٚ من نەتوانم شعرت بۆ بنووسم .. بەڵام

گەر بوومە باران ئەوە لە دلۆپێک دێمە ناو دەمتەوە و تا سەر دڵت راناوەستم

گەر بوومە مێش لەسەر پرچت ئەنیشمەوە

چەند دەرمکەیت .. من زیاتر لێت نزیک ئەبمەوە

ئەو کاتە تۆ نازانی

ئەوە روحی شەنگەیە بۆتە مێش وئەیەوێت بڵیٚ خۆشم ئەوێێت

تۆ نازانی ئەوە منم بە مێشیش واز لە تۆ ناهێنم

ئەوە منم وەک خۆم بە مێشییەتیش هەر عەوداڵی گوڵەکانم

دە تۆ با روحت لە گولٚ بیٚ تا بە مێشیش حەز لە من بکەیت*

با رۆحت لە لێو بێت تا بە ئاویش من ماچ کەیت

با سینگت لە کانی بێت تا بە هەتاویش من بگریت

با گیانت لە شێوەی پەنچەیەک بێت تا بە  زەرگەتەیی بێم و پێتوەدەم

دوای مردنم من زیاتر هۆشەنگانە خۆم ئەکەمەوە بە ژیانتەوە

بە تروسکەی چاوت و ناو گیانتەوە

ئەمجارەیان ئەگەر بوومە کرمێکی لیج، هێلکە شەیتانۆکەیەکی باخچەکەتان

لەگەلٚ بۆنی رێحانەکان و گوڵە ژاڵەکە دێم و لە گەردەنت نابمەوە

چەند بمکوژیت لەگەلٚ خوێنتا جیانابمەوە

من وام بەرۆحی خۆمەوە .. دوور لە ژیانی ئادەمیزادانەم

چیرۆکی گومانەکانی خۆمت بۆ ئەگێڕمەوە لە دایکم

ئەڵێم من کە دایکم منی لە جەستەی پیاوێکی دیکە دروست کرد کە رەنگە باوکم نەبیٚ

منی لە پیاوێک دروست کرد کە رەنگە جیرانێکی هەوەسباز بووبێت .. کە رەنگە لە یەکێک لە

سەفەرەکانی خۆیدا دیبێتی

رەنگە لە ناو بەیارێکدا لە بن تەراشێکی گەرممدا لەگەڵی نووستبێت

رەنگە لەسەر بانەکەماندا لە نیوەشەوێکی تەنیاییدا لەگەڵی رازا بێت

من پێم وایە بۆیە ئەوەندە پڕم لە عەشق

چونکە دایکم لە مەسترین ساتی عەشقی خۆیدا بە باوەشی پیاوێکدا منی دروست کردووە


پیاوێک لە بێهۆشترین ساتی حەزی خۆیدا خۆی لە ناو جەستەی دایکم بزر کردووە

ئەو پیاوە و ئەو دایکەم لە شەهوەتترین ساتەکانی جەستە و عاتیفە و روحیاندا منیان چێکردووە

من ئەزانم لەو ساتەدا دایکم چەند بە میهرەبانی خزیوەتە باوەشی ئەو کابرایە

چەند بە روحی مێشێکەوە لە گوڵی ئەو پیاوەوە خۆی گرێداوە

چەند بە شەوقەوە پەنچەکانی لەناو باخچەی مووی سینگی ئەودا بزرکردووە



ئەو پیاوە چۆن بەو شەوە لە ناو لەپەکانی دا دایکی منی ختمی چێژو هەوەس کردووە

من پێموایە لە ساتێکی ئاواهیدا دروست بووبم

لە ساتێکدا دایك و ئەو باوکەی کە گومانم هەیە لە بوونی

ئاوێزانی جوانی بووبن

لە دەست لەملانێی یەکدیدا مرۆڤ و خواوەندەکانیان لە بیر کردبێت

ئەزانم رەنگە لەو ساتانەدا دایکم لە سەرخۆشترین ساتەکانی بێئاگایی خۆیدا

لە راستگۆترین  ساتی ناخی خۆیدا و لە ئازادترین چرکەکانی تەمەنیدا

بێ بیرکردنەوە لە من و خواوەندەکان

بێ بیرکردنەوە لە مێرد و منداڵەکان

ئازاد لە خۆی و دونیا و هەبوون

ئازاد ئازاد ..بە  خوناوی حەزەکانی .. خۆی تەڕکردبێ

مەست مەست بە تلوقەی خەونەکانی .. خۆی شووشتبێ

بێهۆش بێهۆش بە خەندەی مەراقەکانییەوە.. خۆی بەرەڵاکردبێ

**من دایکی خۆمم خۆشئەوێ**

**ئەو ناوی هۆشەنگی پێبەخشیم و منیش لە کانیاوی سینگی ئەودا شیرو ئاوی مەمکانیم خواردۆتەوە**

**حەزی کردنەوەی دەرگەکان و شکانی تخوبەکانی ماڵەوە لەو رژاوەتە روحمەوە**

**من بە ئارەزووی باوکێکەوە گەورە بووم بۆ عەشق**

**بۆ ئازادی و بۆ شینبوونی خەونەکان لە ناو مێشکی مێشێکدا**

**وەرە ئەەی مێشی جوان لە روحمدا لە سەر ئەو هۆڕمۆنە یان ئەو خانەیە بنیشەوە کە عەشق دەرئەدات**

**بەو عەشقەوە بەشێک لە من ببە و لە باخچەکەی ماڵی یارم**



**فڕێمدە**

**فڕێمدە وەک زیندەوەرێکی بچووک و عاشقێکی گەورە**

**فڕێمدە تا ئازادانە خۆم لە زیندووبوونەوەم لە هەر فۆرمێکدا ببمەوە**

**عاشقی تۆ..**

**من چاوەڕێت ناکەم .. سەفەر ، سەفەر بۆ دەربەندەکانی تۆ ئەکەم**

**جارێ وەک هۆشەنگ و جارێ وەک کانی و جارێ وەک نەورۆز و جارێ وەک رێحان و**

**ئیدی من بۆ ئەبەد لە گەڕانم**